یەکێتیی و پارتی بە ئامادەکردنی ڕێشنوسێک بۆ پێکهێنانی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێم کەدەبنەوە

بەیارە ئەمڕۆ چوارشەممە 29ـی کانوونی دووەمی 2025، جارێکی دیکە لیژنەی هاوبەشی یەکێتیی و پارتی بۆ ئامادەکردنی ڕێشنوسێک لەبارەی پێکهێنانی حکومەتی کابینەی دەیەمی هەرێمی کوردستان کەبەبنەوە.

پشتر میدیای فەرمی یەکێتیی ڕایگەیاندبوو، گفتوگۆی لایەنە تەکنیکییەکانی پێکهێنانی حکومەتی نوێی هەرێمی کوردستان لەنێوان یەکێتیی و پارتی بەردەوامی هەیە و ڕۆژی پێنجشەممە جارێکی دیکە لیژنە هاوبەشەکانی هەردوولا بۆ پێکهێنانی حکومەت کەدەبنەوە.

لیژنە هاوبەشەکە ئەرکیانە ڕێشنوسێک لەبارەی چێنێتی حکومەتی داهاتووی هەرێم ئامادە بکەن، کە لەئێستادا بەشێکی زۆری کارەکانیان تەواو بوو و پاشان ڕێشنوسی کۆتایی گفتوگۆکانی لیژنەکە دەخرێتە بەردەم هەردوو وەفدی باڵای یەکێتیی و پارتی بۆ بەیاردان لەسەری.

پێشتریش وتەبێژی یەکێتیی لەکۆنگرێسێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاندبوو، لەئێستادا لەنێوان یەکێتیی و پارتیدا باس لەهیچ پێستێک نەکراوە، ئەوەی دەوترێت و باس لە دابەشکردنی پێستەکان دەکرێت پووپاگەندەیە، ئەگەر لەسەر بەرنامەی حکومەت ڕکنەکەوین یەکێتیی پێستی بچییە.